وەزارەتی ناوخۆ
ئیدارەی گەرمیان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە :4031
ڕێکەوت : 20/ 11/ 2022

---

## بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.40- 2022) تەندەری پرۆژەی

## (دروستکردنی بینای نەخۆشخانەی ڕاوێژکاری کەلار)

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگاداری سەرجەم بەلێندەر و کۆمپانیاکان دەکەینەوە کە تەندەر ی پرۆژەی ناوبراوی سەرەوە هەیە , کە ئامادەکراوە لە لایەن ( ب.گشتی تەندروستی گەرمیان ) , لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان/ئیدارەی گەرمیان بۆ سالی (٢٠٢٢) جێبەجێ دەکرێت, هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر .
ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (330) سێ سەد و سی ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( 2 ) سالی (2016) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (چوارشەممە ٢٣/ ١١ /2022 )ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (پێنج شەممە 8 / 12 / 2022) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( 300,000) سێ سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (یەک شەممە 11 / 12 / 2022 ) کاتژمێر (11:00 )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:00)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان بکەن .

- مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( 2 تا ٤) بێت وە پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەلێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.
2- دەستەبەری بانکی بەبڕی (33,000,000) سی و سێ ملیۆن دینار دەبێت بە چەکێکی باوەڕ پێکراو ( مصدق ) یان دەستەبەری بانکی ( خطاب ضمان ) لە بانکیکی باوەڕ پێکراو لە هەریمی کوردستان, بو ئیدارەی گەرمیان وە ناوی پرۆژەکەی لەسەر بنووسرێت ماوەی ( 120) سەد و بیست ڕۆژ بیت وەک بارمتەی تەندەر لە کاتی گەڕانەوەیدا .

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .
4- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .
5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی سالی (2022) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جــلال نــوری عبدالقـادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**

**/ 11 / 2022**